

# فریوت دام

عومەر کەریم بەرزنجی

-1-

فریوت دام بەڕوو کەشی
کەچی ئێستا
دێی پێم دەڵێی
من نازانم تۆ بۆ هێندە
دڵ ڕەقیت و
والە هەست و سۆز بێبەشی
ئاخر کچێ تۆ بۆچی لەخۆت ناپرسی
ئاخۆ چەندجار, مەلی نیگامت کوشتووە
بێباکانە گوڵی خەونمت ژێرپێنا
بۆ ناپرسی لەو شەوانەی
سەرمەستانە
فرمێسکم بۆ ئەویادانە هەڵڕشتووە

-2-

ئیدی پەڕەی ئەلبومی ئەو ڕابردووە
مەحاڵە هەڵ بدەمەوە
ئەو دێڕەی کە لەسەر دەفتەری ماتماتیك بۆت نوسیبوم
ئەی عاشقە سەرشێتەکە
ئەشێ لە هەموو دەرسێکا شکست بێنی
تەنها لە وانەی ئەوینا
سەد دەهێنی
بەو لاستیکەی خۆت پێت دابووم دەیسڕمەوە
بڕیارێکەو داومە ئیدی ئەوەی گوزەشت
ئاوڕی بۆ نادەمەوە.

2004/11/26